www.kurdistannet.org
7-7-2006 17:34بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

هورێنەی بەعسیەک .... رزگار کۆچەر

RZGAR77@HOTMAIL. COM

کەسێکی ڕەش ئەسمەری پرچ بۆیە کراو.... چەند پیاوێکی وەک خۆی قەزەم لە دەوری کۆبونەتەوە بە شان وباڵی دا هەل دەدەن....
جگەرەیەکی وینستۆنی ئیستراد لە دەستی تی دەم نادەم قومێکی لێدەداو لە پێش خۆی دەی گوت.... پەکوو هەر من بەعسی بوویمە... هەر من مەلەفم هەبوە باشە خۆ کابرای مەنسولیش وەک من مەلەفێکی 200 پەری هەبوو.... من خۆم لای ئوم عودەی هینم بۆ دەهێنا تا بەیانی لاق و قاج ونینۆکەکانی دەلێساوە.... ..
نانا زمانم لال بێت گەر بە خراپە باسی ئەو بکەم خۆ ئەو نەبایە من جۆن دەگەرامەوە سەر کارەکەم!!! هەرچەندە ئەو تزکییەی منی کردوو گەرامەوە سەرکارەکەی خۆم وکرام بە مودیر عام... بەڵام پیاویش نابێت ناکەس بە جە بێت و ئەو لەبیر بکات!!!
ئاخر کاکە ئەو نەبایە من خانوەکەم لێدەسەنراوە دەبایە ببایە بارگای حزبێک و خۆشم هەر لەوی وەک جاران خەریکی تەقریرو تەقریر کاری بم!!!!!!!
هەموو ئەو قسانە کابرای بەعسی لە پێش خۆی دەی کرد... قەزەمەکانیی چوار دەوریشی ئەشهد ئەشهدویان بۆ دەکردو... هەر لە خۆیانەوە دەیان گوت راست دەفەرموی گەورەم.... ....
لەلایەکی تریش برادەرەکانی کە وەک ئەو بە ناو رۆشەنبیرن خۆیان و بتلێک عەرەقی سەر ڕەش لەگەڵ مەزەیەکی نۆکاو دەم نادەمێک چاویان دەگێرا و سەیرێکی مێزەکەی ئەبو.... . دەکرد... تەمەنایان دەکرد کابرای بەعسی ئاوریان لێبداتەوە...
ئەوان مۆزەفیکی بەسیت کابرای بەعسیش مودیر عام!!!!! ئەوان راتبکەیان هەر بەشی بەنزینی مولیدە و بتلێک عەرەقی سەر ڕەش و مەکسیەکی ژنە نەخوێندەوارەکەیان دەکات کابرای بەعسیش هەر لە خۆیەوە مۆنیکایەکی سفر کیلۆ مەترو لە جیات ژنێک دوان کە وابزانم یەکێکان سکرتیرەکەی خۆیەتی.... بەڵام بە دزیوە ماری کردوەو بە نەهێنیش گوازتیتیەوە!!
ئەوان.... هەموو شەوێک دەیانەوێت سەرخۆش بن و لە لەم شانۆ گەرییەی ڕۆژگار دور بن کەجی سەرخۆش نابن.... کابرای پاڵەوانیش هەر بە ئاوەکەی بەردەمی سەرخۆش دەبێت و دوعا بۆ سەرۆکە دۆراوەکی سەدامی بەند کراو دەکات رزگار بێت!!!
کاتێکیش برادەرەکانی لە پسە پسەکەی دەپرسن.... ئەو دەلێت بە خوا دوعاکەم هەر بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد بوو خۆزگە وەک ئێستا دەمان و منیشیان وەک خۆی دەهێشتەوە... راتبێکی تر شۆرشگێراتیان بۆ دەدردەکردم!!!
بی دەنگیەک لە باخجەکە دروست دەبێت و لە ناکاو جەرەسی مۆمبیلێک لێدەدا و کابرای بەعسیی تازە مەنسولیش دەست بۆ مۆبیلە شیخ زاناکەی دەبات و دەڵێت.... . بەسەر چاو گەورەم یەک وەجبەی تازەم لە لای ئەبو جاسم بۆ هاتوە.... . بەلی بەلی لە کەرکوک لە کەرکوکی.... . هیچ خەمت نەبێت لە مۆتیلی.... .. لە شەقلاوە لە جیات ژورێک دوانم گرتوە.... بەڵی ئا ئا هەموی واسلە هیچ خەمت نەبێت و بە کەیفی خۆت تا بەیانی لەگەلیان تبیاتە بە.... . بەلی من خۆم دەیان بەمەوە بۆ کەرکوک!!!